ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

73
10 ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری 2023



موحسین کەریم

## هەبژاردنی پارێزگاکان و گەرمبوونی بازاری درۆ!

پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک وەکو یەکێک لە پارێزگاکانی عێراق ماوەیەکە دەستی پێکردوە. سەرجەم حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە هەموو رەنگ و ئاراستە سیاسی و فکریەکانیانەوە کەوتوونەتە سەردان و بانگەشەکردن و داواکردن لە خەڵک بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە لیستەکانی ئەوان!
ئەوەی جێگای سەرنج و بگرە گاڵتەجاریە، ئەو بەڵێنانەیە کە ئەو حزبانە بە خەڵکی کەرکوکی دەدەن بۆئەوەی دەنگیان پێبدەن. بێئاگا لەوەی کە خەڵک لەوان باشتر دەزانێ کە درۆیەکی شاخدار دەکەن، چونکە ئەوەی کەدەسەڵاتی بەکردەوەی کەرکوکی بەدەستەوەیە میلیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبین کە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا هەیە.
یەکێتی و پارتی و ئەوانەی لەگەڵیاندا لیستیان دروست کردوە، رەنگە بەهێزترین لایەنی سیاسی و لیستی هەڵبژاردنی ناو هێزو لایەنە بۆرژواییەکانی کورد بن، بە ئیسلامی و ناسیۆنالیست و پۆپۆلیستیەوە، بەڵام ئەوەتا حکومەت و دەسەڵاتەکەیان لە کوردستان، کە خۆیان بێرکابەر کۆنترۆڵیان کردوە، لەبەردەم میلیشیا دەسەڵاتدارە شیعەکانی عێراقدا زەلیل و داماون. هەموو دەسەڵاتیان بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی بریتیە لە توانای پارانەوە بۆ دابینکردنی برێک قەرز تا بەڵکو بتوانن مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی پێبدەن، کەچی حکومەتی ناوەندی هەر رۆژە بە بیانویەکەوە

بۆ لاپەرە ٢

حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە ئاگرکەوتنەوەکەی قەزای سۆران بەهۆی رەچاونەکردنی سیستەمی چاودێری و مەرجەکانی سەلامەتی لە پرۆژەکانی بیناسازیدا !



## پێگەی هەرێم لە ناوەندبونەوەی عێراقدا

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## ماکیاڤیلیزم لە باوەڕی سیاسی بۆرجوازیدا: حەماس و ئیسرائیل وەک نموونەیەک

سەمیر عادل

بۆ لاپەرە ٥



## نارەزایەتی جەماوەری مامۆستایان چیمان پێدەڵێ!!

مەهدی رەسوڵ

بۆ لاپەرە ٦

* حکومەت بەرپرسیارە لە مەرگی هاوڵاتیان!
بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

* تەواوی هاوپشتی و هاوکاریمان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی کوردستان
بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لاپەرە ٧-٨

چەند هەنگاوێک لە راستای ململانێی جەمسەرەکاندا، بە قازانجی چین و رووسیا
عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......هەبژاردنی پارێزگاکان و گەرمبوونی بازاری درۆ!

دەستی دەستیان پێدەکات! هێزگەلێک کە دەسەڵات و حکومەتەکەیان نەتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی لە حکومەتی بەغدا وەربگرێ، ئیتر دەتوانێ چی بۆ خەڵکی کەرکوک بکات! کێ بڕوا بە پڕوپاگەندەکانیان دەکات!؟

لەدوای ئەوانیشەوە، ئەو لایەنەی کە بە شەوقەوە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەکات، نەوەی نوێیە، گوایە ئەگەر خەڵک دەنگ بدات بە کاندیدەکانی ئەوان ئەوا پۆستی پاریزگاری کەرکوک وەردەگرن و کەرکوک ئەکەن بە بەهەشت! هەڵبەتە نەوەی نوێ، بەپێی مەنتقی هاوسەنگی هێز و پێکهاتەو خاسیەتی هێزە سیاسیەکان لە کوردستان، کە یاسای هێزی چەک و ژمارەی چەکدار و میلیشیا حوکم دەکات، خاوەنی هیج پێگەیەکی سیاسی و دەسەڵات نیە و نابێ. ئەوان لەرێگای بڵاوکردنەوەی درۆو چەواشەکاری و بەرێخستنی ماشێنی فریودان دەیانەوێ کڵاو بکەنە سەر خەڵک و گوایە ئەگەر دەنگ بەوان بدرێ دۆخە دەگۆڕن!

بەمجۆرە کەمپینێکی فراوانی درۆکردن و چەواشەکاری و کڵاولەسەرنان لەلایەن ئەو هێزو لایەنانەوە دەستی پێکردوەو ئامانجیان ئەوەیە کە هەرچۆن بوە بەشێک لە خەڵک قانع بکەن بەشداری هەڵبژاردن بکەن، تا دەنگ بەوان بدەن و لەو ریگایەوە چەند ئەندامێکیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی عێراق سەربخەن. بەوجۆرەش پێگەیەک پەیدابکەن بۆ دانوسانکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی- مادی بۆخۆیان و هیچی تر.

گومان لەوەدا نیە کە ئەوەی لە کەرکوک و باقی پارێزگاکانی عێراق دەکرێ بەمانا بۆرژوازیەکەشی هەڵبژاردن نیە. هەڵبژاردن لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیادا گاڵتەجاڕیە. هێزێکی میلیشیایی خاوەن دەیان هەزار چەکدار، ئەگەر تەنها دەنگی چەکدارەکانی خۆیان بهێنن و بگرە ئەگەر هێشتا بەشێک لە چەکدارەکانیشیان دەنگیان نەدەنێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی نانیان بەدەستی ئەو حزبانەیە، ناچارن لەریزەکانی ئەواندا بن و وەکو رەمزی هێزو توانای سەربازی ئەوان دەرکەون و کاربکەن، بەرامبەر بە سەدان هەزار دەنگی دیکە کە لەناو رێکخراوی جەماوەری خەباتکار و لەدەوری بەرنامەی سیاسی و هێزێکی سیاسی شۆڕشگێڕ خۆیان رێک نەخستبێ، دەوەستێتەوەو بێکاریگەری دەکات. نمونەیەکی زۆر زیندوو بۆ خەڵکی کوردستان، دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیە. گۆڕان دەیانهەزار دەنگی لە یەکێتی زیاتر بوو، سەرباری ئەوەی کە هێزێکی سایسیش بوو، بەڵام یەکێتی خاوەنی هێزی چەکدار و پارە بوو، سەرەنجام یەکێتی مایەوە وەکو دەسەلاتداری ناوچەی سەوز و گۆڕانیش بەرەو ئاوابوون چوو! ئەوەی نەوەی نوێ تەنها کاریکاتۆرێکی بزوتنەوەی گۆڕانەو هیچی تر.

بەمجۆرە ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو لایەن و دەستەوتاقمانەی بۆرژوازی کورد دەیانەوێ لەرێگای بەرێخستنی هاتوهاورێکی ڕاگەیاندن و چەواشەکاریەوە خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگان ڕابکێشن، تا پارێزگاری لە پێگەو بوون و مانەوەی خۆیان و دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانیان بکەن، ئەوا بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ریسواکردنی ئەو چەواشەکاریەو فریونەخواردن بە درۆکانیان مەسەلەیەکی سیاسی هێجگار هەستیار و پێویستە بۆ پاراستنی ریزی خەباتی خۆیان لەو هێزانەو رێگاگرتن لە گەندەڵبوونی خواست و ئامانجەکانیان بەهۆی سیاسەتی ئەو لایەنە سیاسیە ساختەکارانەی چینی داراو خاوەن سەرمایەداری کوردەوە. خەڵکی کوردستان و عێراق بۆئەوەی گۆڕانکاری لە ژیان و گوزەرانیان بکەن و کۆتایی بە نایەکسانی و بێمافی و چەتەگەری دەسەڵاتی مافیایی بۆرژوازی بهێنن، ئەوا دەبێ رێگای شۆڕش هەڵبژێرن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.. هیچ رێگایەکی دیکەیان لەپێش نیە! دەبێ هەر لەئێستاوە هەنگاوەکانی سەرەتای ئەو پرۆسەیە بە خۆرێکخستن و خۆسازدان و هاتنەمەیدانی یەکگرتوانە لەدەوری بەرنامەی سیاسی شۆشگێڕانەو هێزی سیاسی شۆڕشگێڕ بۆ سەپاندنی خواست و مافەکانیان بەسەر دەسەڵاتدارانی مافیایی کوردستان وعێراقدا دەست پێ بکەن.

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# پێگەی هەرێم لە ناوەندبونەوەی عێراقدا

عوسمانی حاجی مارف

حکومەتی عێراق بە دەسەڵاتداری هێزە شیعەکان لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ ناوەندکردنەوەی دەسەڵات، لە یەکەم هەنگاویدا هەناردەکردنی نەوتی لە حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان قەدەغەکرد. دواترلە ڕێگەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیەوە پەرلەمانەکەشیانی هەڵوەشانەوە، مەسرور بارزانی نیگەرانی خۆی لە توانایی هەرێم بۆ بەرگەگرتن و پاراستنی خۆیان لەو دۆخە دەربڕیوەو هێمای بۆ ئەوە کردوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوری و سیاسیەوە لە حاڵەتێکی نەخوازراودایە. هەروەها هۆکاری ئەو "هەڵمەتە شەرمەزارکەرە"ی خستووەتە ئەستۆی بەغداد، کە بە دژی هەولێر ئەنجامی ئەدات.

لەڕاستیدا لە ساڵانی دوای ڕووخانی داعش، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەوڵە شکستخواردووەکەی بۆ سەربەخۆیی، حکومەتی هەرێمی بە بنبەست گەیاندو بەئاراستەی هەڵوەشاندەی نزیک کردۆتەوە. هەر ڕۆژە هەواڵەکان گەمەیەکی سیاسیمان نیشان ئەدات.

پاش ئەوەی ئەمریکاش خۆی لەبەردەم شکستی نەخشەو سیاسەتەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیەوە، دەمێکە لە هەوڵی پرۆسەی ئاساییکردنەوەو سەقامگیری عێراقیکی یەکپارچەدایە. لەهەمانکاتدا بایەخ نەدان و فەرامۆشی لە خاڵە لاوازەکانی حکومەتی هەرێمیش کردووە، کە خۆی لە دووبەرەکی ناوخۆیی، گەندەڵی و ناشەفافی و جەردەیی و دزی ئاشکراو یەک نەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو نەگەیشتن بە یەک ئیدارەیدا قەتیس کردووە. ئەمانەو نەتوانینی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، نزمبونەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزیان لەبەرامبەر هێزە میلیشیاکانی عێراقدا، وێنایەکی تر لە نەبونی متمانەی بە هەرێم نیشانداوە. بۆیە دوای چاوپۆشی ئەمریکا لە هەرێم، بایەخدان بەهەولێر زۆر لەخوارەوەیە. بووەتە هۆی قەیرانێکی کوشەندە بۆ دەسەڵاتی ئێستای هەرێم. ئەمریکا بەرژەوەندیەکی ستراتیژی هەیە بۆ بەردەوامبوون لە بەرەوپێشبردنی سەقامگیری ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی. ئەمەش ئەو ناکۆکیەیە کە حزبە ناسیۆنالستە میلیشاکانی کوردستان نەیانتوانی و نەیانویست پێشبینی بکەن و لێی حاڵی بن.

دوابەدوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧وە، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەغدا هەوڵەکانی بۆ تێکدانی قەوارەی هەرێم خێراتر کرد، کە لەسەرەتادا لەڕێگەی کردەوەی سەربازیەوە پەیامێکی مەترسیداری خستە بەردەم ئایندەی حکومەتی هەرێم. میلیشیای هێزە کوردیەکانی لە کەرکوک دەرپەڕاندو گورزێکی گەورەی وەهای لێدان، کە دواتر ناچاریکردن بە ملکەچی بگەڕێنەوە بۆ بەغدادو مەرجەکانی پاوانخوازی هێزە سیاسیە ئیسلامیە شیعەکان قەبوڵ بکەن. ئەمەش بە هاوکاری و بەرچاوی ئێران و تورکیاوە پەسەندکرا. لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١، بەغدا وەستانەوەی لە دژی پارتە سەرەکیەکانی کوردستانی خستە دەستوری کاریانەوە. لەوکاتەوە هاوسەنگی هێز بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی بەغدا داشکایەوە. دادگای باڵای فیدراڵیش لە بەرژەوەندی ئەنجومەنی نوێنەران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران سەنگەریان گرت و دژ بە حکومەتی هەرێم هەنگاوی نا. لاوازکردنی هەنگاوبە هەنگاوی دەسەڵات لە هەرێم لەسەر پرسەکانی نەوت و شکاندنی شکۆی دەسەڵاتیان بەئاشکرا گرتەبەر.

بۆنموونە لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارێک دەرچوو کە پیشەسازی نەوت و غازی لە هەرێمدا نایاسایی کرد. دوای ساڵێک ئەنقەرە بۆریەکەی بەرووی باکووری عێراقدا داخست، هەروەها حکومەتی هەرێم ٥ ملیار دۆلاری داهاتی لەدەستدا. لەدوای داخستنی بۆریەکەوە، جگە لە هێزی موزایەدەی گەورەی بەغدا، دامەزراوەی نەوتی و گازیەکانیش چەندین جار کەوتونەتە بەر هێرشی مووشەکی لەلایەن میلیشیاکانەوە.

جگە لەوەش، ئەنجوومەنی نوێنەران و دادگای باڵای فیدراڵی لەم دواییانەدا ڕێگریان لە ڕێکەوتنی بودجەی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق سودانی و سەرۆکی هەرێم مەسرور بارزانیدا کرد، بە هۆی نەبوونی شەفافیەتی دارایی حکومەتی هەرێم. ئەمەش ئەو بیانوەی داوە بەدەست هەولێرەوە ماوەی سێ مانگە مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران و خانەنشینان و پێشمەرگەی نەداوە.

جگە لەو توندوتیژیەی میلیشیاکان، بەسەر حکومەتی هەرێمەوە، کوردستان تووشی هێرشی وڵاتانی دراوسێی تورکیا و ئێرانیش بووە، کە هێرشەکانیان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک بۆ سەر گرووپە چەکدارە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆن چڕتر کردووەتەوە. کاتێک بەرپرسانی تورکیا مانگی ڕابردوو سەردانی عێراقیان کرد، بەڵێنیان نەدا کۆتایی بەو هێرشانە بهێنن یان کێشەی نەوت چارەسەر بکەن، بەڵکو فشاریان خستە سەر حکومەتی هەرێم بۆ هاوکاریکردنیان لە دژی دوژمنی ناوخۆی ئەنقەرە کە پارتی

کرێکارانی کوردستانە. ئێران هۆشداریەکی هاوشێوەی دەرکردووە، چەک داماڵینی ئەو گرووپە کوردیە ناوخۆییانەی ئێران کە دژایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بژاردەکانی بنبەست بون و تەواو بوون، ڕێگەیدا بە پاسەوانی سنووری عێراق کە بەرپرسیارێتی لە پێشمەرگە وەربگرنەوە، واتە بڕیارێکە کە کاریگەریەکەی ئەوە بوو، نیوەی داهاتی گومرگی هەرێم ڕادەستی حکومەتی بەغداد بکات.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبری ئەوەی لە بەرامبەر زیادبوونی ئەو دەستدرێژیانەی لەلایەن بەغداوە لەسەریانە، بیر لە ڕێکەوتن یا ریگایێک بۆ وەلانانی بەلاکانی سەریان پەیداکەن، زیاتر یەکتر دەشکێننەوە، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، لە بەردەوامی ململانێیەکی تاڵ و بێهودەدان. لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسنگی هێزەکەیان، هەمیشە لە بەرامبەر یەکتردا وەستاونەتەوە، هەمو ئەگەرێکی نەرێنی دەخەنە نەخشەکاریانەوە کە یەکتر وێرانتر کەن، هەتا گەر ملکەچی تەواو بێت لە بەردەم "دوژمنەکانیاندا". بۆنمونە ڕێکەوتن لەبەکارهێنانی بەغدا و ئەنقەرەو تاران بۆ تێکدانی یەکتر کارێکی سادەو پەسەندکراویان بووە. ئەمەش وایکردووە کە حکومەتی هەرێم کەمتر ئامن بێت و کەمتر توانای پاراستنی دەستکەوت و پێداویستیەکانی خۆشیان هەبێت. بونەتە سەرچاوەی زیاتری نائەمنی و نیگەرانی توند لەسەر دانیشتوان، ئەو دوو حیزبە و بارزانی و تاڵەبانی لە ئێستادا لە دۆخێکی شەڕی ساردان، وەها ڕەفتار دەکەن وەک دوو دوژمن لە ئاگربەستان، نەک ئەوەی هاوبەشن لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمێکدا.

هەرێمی کوردستان بۆ توانای ڕێکخستنیان لە هەڵبژاردندا دەرگیری گێژاوێک و نا جێگیریەکی سیاسین. ناچارن بە چاوەڕوانی بۆ ئاڵوگۆڕێک یا موعجزەیەک، بەڵکو یارمەتیان بدات ئەم هەڵبژاردنەش بێدەردی سەر تێپەڕێنن! بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارە لە حاڵەتێکی تەواو سەخت و دژواردایە کە نەتوانن بە ئارامی تێیپەڕێنن، ئاڵوگۆڕو موعجەزەش فریادرەسیان نابێت، یان وەک هێزێکی چەکدار دەبێت ڕاستەوخۆ لە خزمەت پێداویستیەکانی حکومەتی ناوەندیدابن.

ئەوەی شایانی باسە لە بارەی ئابوریشەوە حکومەتی هەرێم هەلی وەبەرهێنان و باج و دەستکەوتەکانی لەپارەی نەوت و بودجە، خۆی لە بێسەروبەری و گەندەڵی ودزی و خانەنشینی و بندیوار بەفیڕۆ داوە، کە زۆرتر بۆ دڵسۆزانی حزبەکانیان تەخشان و پەخشانی دەکەن و ناتوانن لێی بێنە دەرەوە. دروستبوونی بیرۆکراسیەکی زەبەلاح لە هەرێمێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی ٥ ملیۆن ونیو کەسە، بەڵام خاوەنی یەک ملیۆن و چوارسەد هەزار کارمەند و خانەنشینی سەرسوڕهێنەرە بە تێچووی ٧٥٠ ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا. سەرەڕای پێویستیی ڕێوشوێنی خۆپارێزی لەم بەرەیەدا، حکومەتی هەرێم ناتوانێت لەماوەیەکی نزیکدا مووچەی ئەو کەسانە بدات بەبێ داهاتی نەوت، دەبێت پشت بە بودجەی حکومەتی بەغدا ببەستێت.

بەو پێیەش ئەمرۆ لەبری خەونی سەربەخۆیی حکومەتی هەرێم، زیاتر پێشبینی دەوریەکی تازە لە دۆخی کوردستان دەکرێت، دەورەیەک کە تەواوی ڕۆڵی سی ساڵ زیاتری دەسەلاتی حزبەکانی کوردایەتی و ئەزمونێک کە شانازی پێوە دەکەن، دەکەوێتە بەر شەپۆلی سیاسەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەرەو ناوەند بونەوەی عێراق نەخشەی بۆ داڕێژراوە.

هەروەها سەبارەت بە واشنتۆن و ڕۆژئاوا بەجیا لەوەی ئێستا شەڕێک لە فەلەستیندا بەرپابووە، بەڵام لە بەرامبەر دۆخی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زیاتر پشتیوانی لە ئارامبونەوەی دۆخەکە دەکەن. هەر لەم ئاراستەیەشەوە لایەنگری لە هێزەکانی هەرێم ناکەن گەر ملکەچی یەکپارچەیی و ناوەند بونەوەی عێراق نەبن. ڕێگە بە حکومەتی هەرێم نادەن کە بخلیسکێتە ناو ئاژاوە یان ململانێی مەترسی توندوتیژی نەتەوەپەرستی و ڕووبەڕووبوونەوەو دوبارە بونەوەی نمونە خوێناویەکەی ئەم دوایەی کەرکوک. ئەتوانین بڵێین ئەم دەورانە لە چوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت، بەتایبەتی لە هەوڵی ئارام بونەوەی ناوچەکە بۆ دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، لەهەمان کاتدا پرۆسەی کۆتایی هاتنی پێگەو دەسەڵاتداری حزبە کوردیەکانە لە کوردستانی عێراقدا، چونکە شانوشەوکەت و ئەزمونێک نیشانیاندا شایستەی ئەو جێگاوڕێگایەنین لە پاراستنی ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری، ئەوە ئاشکرایە کە کاریگەری بنبەست و شکستی ئەم ئەزمونە تەنها لەسەر بزوننەوەی کوردایەتی نیە لە کوردستانی عێراقدا، بەڵکو کاریگەری لەسەر بنبەستی تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستاندا دادەنێت.

ئەوەی گرنگە ئاگاهی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشانی کوردستانە، کە ئێستا لە ناڕەزایەتی مامۆستایاندا بەرجەستەبۆتەوە، چۆن خۆیان لە بەلای ئەم ململانێیەو پاشەکشەی ناسیۆنالستی کورد دەپارێزن. واتە نەکەونە بەر گەمەی سیاسی نێوان بەغدا و هەولێرەوە، فریوی بەناو ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی نەکەون، خۆڕێکخستن و ئامادەسازی بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ئێستای هەرێم و دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو جەماوەرە نارازیە بێت کە دژ بە هەژاری و فەلاکەتە و پیداگری لەسەر خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئازادی دەکات.

# ماکیاڤیلیزم لە باوەڕی سیاسی بۆرجوازیدا: حەماس و ئیسرائیل وەک نموونەیەک

سەمیر عادل *

مرۆڤ هیچ پێویستی بەوە نیە تا بیسەلمێنێت کە دەوڵەتی ئیسرائیل دەوڵەتێکی داگیرکەرە. ئیسرائیل دەوڵەتێکی تیرۆریستیە بەپێی ئەو پێوەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە، کە ئیسرائیل خۆشی ئەندامیەتی، هەروەها دەوڵەتێکی ئاپارتایدە لەباشترین شێوەدا. بوونی وەک دەوڵەت بووەتە نیشانەیەکی پرسیاری گەورە، هەرچی پێوەری ئەخلاقیە لەدەستیداوە بۆ بەرگریکردن لە شەرعیەتی خۆی.

لەبەرامبەردا ئەو هەموو تاوانە دژە مرۆڤایەتیانەی کە ئیسرائیل زیاتر لە حەوت دەیەیە ئەنجامی داوەو ئەنجامی ئەدات، لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣وە نییە. حەماس چی کرد وا ئەو ویرانکاریە بەسەر کەرتی غەززەدا هات، نزیکەی ١٥ هەزار کەس کوژران، کە زیاتر لە شەش هەزاریان منداڵن؟ بۆئەوەی لەڕێگەی ئاڵوگۆڕێکی بێهودەو بێئاسۆوە کە ٣٠٠ زیندانی فەلەستینی ئازاد دەکرێن لە بەرامبەر ٥٠ دەستگیرکراوی ئیسرائیلیدا. پرسیارێک کە دێتەپێشەوە، ئایا ئەم هەموو کارەساتە شایانی ئەوەیە کە بەهاکەی جەماوەری غەززە دەیدەن؟

هەموو ئەو میدیایانەی خۆیان بە "بەرەنگاری و ئۆپۆزسیۆن" ناودەبەن، پێکی سەرکەوتن دەخۆنەوە! سەرکەوتنێک کە باجەکەی ئاگربەستە بۆ وەستاندنی شەڕ بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ. ڕەنگە زیاتر درێژبێتەوە. گرنگ نیە سبەی چی ڕوودەدات. ئەوەی گرنگە "ئاگربەست"ە. سەرکردەکانی حەماس ئەوەش زیاد دەکەن کە مەرجەکانی خۆیان سەپاندووە. کە دەیکەنە مامەڵەیەک بەسەرماندا، گوایە سەرکەوتنێکی گەورەیە بزووتنەوەی بەرەنگاری فەلەستین بەدەستی هێناوە.

بۆ میدیای نەتەوەپەرستی و ئیسلامی عەرەبی شتێکی نوێ نییە کە بتوانن شکستەکان بکەنە سەرکەوتن، بەکەڵک وەرگرتن لەو تۆپهاوێژە میدیا زەبەلاحانەی کە لە جیهاندا تایبەتە بەخۆیان، بە ڕیزکردنی هەزاران ڕستەی داڕێژراوی دروستکراو لە پێدانی وێنایەکی ناراست بۆ شاردنەوەی ڕاستیە تاڵەکان لەبەرامبەر جەماوەرەکەیاندا. دواتر بڵاوکردنەوەی بۆ ناوکۆمەڵگە. ئەمە پراکتیزەکردنی سیاسەتی ماکیاڤێلیزمیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەم سیاسەتە لە لایەن ئیسرائیلەوە لەشەڕەکەیدا وەها جێبەجێ دەکرێت ناوی دەبات بە یاسای هانیباڵ. ئەمەش ئەو یاسایەیە کە ڕێگە ئەدات بە قوربانیدانی هاوڵاتیان و سەربازەکانی، ئەگەر ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی بکات، جا چ ستراتیژی بێت یان تاکتیکی. مەبەستمان لە ئاسایشی نوخبەکەی و چینەکەی و دەوڵەتەکەیەتی.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا حەماس خۆی هەمان یاسا جێبەجێ دەکات، کاتێک تەواوی شەڕی خۆی لە دژی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەردا سنووردار کرد بە ڕێکەوتنێکی نێوان خۆی و ئیسرائیل، کە ناوی لێنرا ئاڵوگۆڕی بارمتەکان، دەستگیرکراوەکان، یان دیلەکانی هەردوولایان، بەبێ گوێدانە ناوەکان، بەهاکەی مردن و ویرانکاریە کە بەسەر هەر بستێکی کەرتی غەززەدا سەپێنراوە.

بەدەر لە هەر جەنجاڵیەکی میدیایی هەردوولایان، ئەوەی لە مامەڵەی بارمتە و ئاڵوگۆڕی زیندانیەکان ئاشکرای کرد، درۆی باوەڕی سیاسی هەردوولایان بوو. دوا شت کە گرنگی پێدەدەن مرۆڤە. بنیامین نەتانیاهۆ شانازی بە مافی ئیسرائیلەوە دەکات بۆ بەرگریکردن لە خۆی و ئاسایشی هاووڵاتیانی. هاوکات حەماس ڕایدەگەیەنێت، ئەوەی کردویەتی تۆڵەسەندنەوەیە لەوەی کە لە کەرتی ڕۆژئاوا ئەقسا بەرامبەر فەڵەستینیەکان دەکرێت. ئەوان ئامادەن هەموو شتێکی سەوزو وشک بسوتێنن، نەک بۆئەوەی کە ڕایدەگەیەنن، بەڵکو لەپێناو گۆڕینی هاوسەنگی هاوکێشەی سیاسی و باشترکردنی چانسی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا. ئەو سەرکەوتنە گوماناویە، جائەوەی نەتانیاهۆ ڕایدەگەیەنێت نزیکبوونەوەی ئامانجەکەی بێت بە لەناوبردنی غەززە، یان ئەوەی سەرکردەکانی حەماس ڕایدەگەیەنن بە گەیشتنیان بە ئاگربەست "بە مەرجەکانەوە" ، جگە لە درۆیەکی شاکار بۆ سارێژکردنی برینەکانیان شتێکی تر نیە. بەڵام ئەوانەی باجەکەی دەدەن فەلەستینیەکانن لە کەناری ڕۆژئاوا و غەززەدا.

گەلی فەلەستین مافی خۆیەتی بەرەنگاری داگیرکاری ئیسرائیل بێتەوە، هەروەها هەر شێوازێکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو داگیرکاریە کینەتۆزیەی کە جۆرەها نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە بەرامبەریدا پراکتیزە دەکرێت. ئەوەی گرنگە دەبێت مرۆڤ وەک محوەرێک ببێنێتەوە، لە خەباتدا بۆ ڕزگاری و چێژ وەرگرتن لە ئازادی و ژیانێکی ئاسایش و ئارامدا. بەڵام ئەو مامەڵەکردن و گرێبەستە بۆ ئاڵوگۆڕی ژمارەیەک دیل و ئاگربەست بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ، ناساندنی بە سەرکەوتنێکی گەورە لە بەرامبەر مردنی هەزاران کەسی بێتاواندا، واتە ئازادکردنی ٣٠٠ کەس لە زیندانەکانی ئیسرائیل لە بەرامبەر مردنی ١٥ هەزار کەسدا، بە سەرکەوتن، درۆیەکی شاخدارە. چ پێوەرێک دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە بسەلمێنێت!؟ ئایا ئەم ٣٠٠ کەسە

دڵخۆش دەبن لە بەدەستهێنانی ئازادیی خۆیان، کاتێک لە زیندان دێنە دەرەوەو دەبینن هەموو شتێک وێران بووەو ئازیزانیان لەدەستداوە، یان تەنانەت کەسیش لە ئازیزانیان نەماوە پێشوازیان لێبکات، یان ماڵێک نیە بۆ حەوانەوەیان؟ ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین ئەوەیە کە ئەوان درۆ لەگەڵ دونیا دەکەن. ڕەنگە درۆکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، بەڵام بۆ هەمیشە ناخایەنێت. لێرەدا ئیسرائیل ئاشکرا بووەو نیشانیدا چ دەوڵەتێکی پڕ ڕق و کینە و ڕەگەزپەرستە. سەرەڕای ئەوەش بۆ نادادپەروەریەکەی ماوەی سێ چارەکە سەدەیە زۆر بەشێوەیەکی پیشەیی کاریان لەسەرکردوە. سەبارەت بە حەماسیش، کاتێک شەڕ کۆتایی دێت، جەماوەر دەزانێت کە نرخی ڕزگارکردنی ٣٠٠ زیندانی فەلەستینی شایانی مردنی دەیان هەزارو لەناوبردنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون نییە. هەڵبەتە بۆ حەماس چوونە ناو هاوکێشەی سیاسی یان دوورخستنەوەی ڕکابەرەکانی، سەرکەوتنێکە، بەڵام دەیکەنە ماماڵەیەک بەناوی سەرکەوتنی گەلی فەلەستین و خۆراگری بۆ بزووتنەوەی بەرەنگاری. تەپڵ لێدنی ئەو قەڵەمە بەکرێگیراوانەی ئەو دروشمە بەرزدەکەنەوە، کە بەهۆی دڕندەیی ئیسرائیلەوە لە غەززە ئاشکرا بوو، "یەکێتی مەیدانەکانی بەرەنگاری"، گۆرانی دەڵێن کە کەرامەتی شەیتانی گەورە و بچووکیان لە خۆڵدا چەقاندووە. لەهەمانکاتدا ئەوە باش دەزانن کە ئەمە سەرکەوتنێکی خەیاڵیە و زۆر پێویستیانە بۆئەوەی سروشتی سیاسەتی نامرۆڤانەی خۆیان داپۆشن، یان تەمومژاوی بکەن بۆئەوەی بتوانن بە ئامانجە سیاسیەکانیان بگەن.

دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی غەززە پرسێکە کە قورگی مرۆڤایەتی گرتووە. ئەو ئاگربەستەش کە ڕاگەیەندرا بەناوی ئاڵوگۆڕی دیلەکانەوە، ئەو نازناوەیە کە لایەنە شەڕکەرەکان خۆیان لەژێریدا حەشارداوە. لەکاتێکدا ڕاستیەکە ئەوەیە کە هەردوولا یەکتریان ماندوو کردووەو هەموو ئەو شتانەی وەک سەرکەوتن دەگوترێ جۆرێکە لە پوچی و بێمانایی. ئەو کەسەی ئاگربەستی سەپاند ئیسرائیل نەبوو و حەماس نەبوو بە مەرجەکانیشەوە، بەڵکو ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەیە کە جیهان بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوای هەژاند، کە سیاسەتمەدارە دووڕووەکان و درۆزنەکان، ئەوانەی کە لەبارەی مافی مرۆڤەوە دەگرین، ناچار کرد دەنگی خۆیان لە دژی تاوانەکانی دەوڵەتی فاشستی ئیسرائیل بەرز بکەنەوە.

ئەو جەماوەرە ڕزگاریخوازەی کە بەرگری لە مافەکانی گەلی فەلەستین دەکەن، ئەوانەن کە ئاگربەستیان بەسەر هەردوولادا سەپاند. توانای کۆتاییهێنان بە شەڕەکەو ڕاگەیاندنی ئاشتیان هەیە. هەروەها بە پشتیوانیکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی کۆتایی بە دەیان ساڵەی نادادپەروەریەکی ئاشکرای نەتەوەپەرستی دەهێنن.

*** سەمیر عادل ؛ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە**

★

# نارەزایەتی جەماوەری مامۆستایان چیمان پێدەڵێ!!

## مەهدی ڕەسوڵ

گرنگترین و بەرجەستە ترین نارەزایەتی جەماوەری پیشەیی لە مساڵدا نارەزایەتی مامۆستایانی میلاک و وانەبێژان بووە کە ماوەی زیاتر لە ٧٥ڕۆژە درێژەی هەیەو ١٧٠هەزارمامۆستا و فەرمانبەری کەرتی پەروەردە بەشێوەی جۆراوجۆر تێدابەشداربوون. ئەم نارەزایەتیە دوای ئەوە دەستی پێکرد کە حوکمەتی هەرێم موچەی سێ مانگی ئەمساڵی دواخست و وەڵامی بە خواستی مامۆستایانی وانە بێژەیش نەدایەوە کە ماوەیەکی زۆرە داوا دەکەن لانی کەم بکرێن بە گرێبەست. هەروەها داوای لە مامۆستایان کرد کە سەرەڕای وەڵامنەدانەوەی خواستەکانیان، بایکۆتی هۆڵەکانی خویندن کۆتایی پێبهێنن! لەچوارچێوەی ئەم نارەزایەتیەدا، ژمارەیەک مامۆستا بڕیاریاندا بچنە گۆرەپانی تەحریر لە بەغدا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و بەرزکردنەوەی خوستەکانیان بۆ حکومەتی ناوەندی و داوا لە سەرۆک وەزیران بکەن کە موچەکانیان ڕاستەوخۆ لە بەغداوە بۆ سەرفکرێ. ئەوەبوو ژمارەیەک مامۆستا لە شارەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیەوە بەرێ کەوتن بۆ بەغداد، بەڵام لە بازگەی چیمەن ڕێگەیان پێنەدان و هەر لەوێ تا ماوەیەک جادەی نێوان کەرکوک سلێمانیان داخست.

ئەم نارەزایەتیە جەماوەریە لەئێستادا هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەری وەرنەگرتوەتەوە و حوکمەتی هەرێم و ناوەند هێشتا نەگەیشتون بە ڕێکەوتن لە سەر هیچ لەو کێشانەی کە چەندین ساڵە درێژەی هەیە و یەکێک لەو مەسەلانەش پرسی موچەی فەرمانبەران و گشت ئەو سەکتەرانەیە کە حوکمەت خۆی خاوەنکاریانەو

مانگانە موچە لەو وەردەگرن و ئاسەوارە خراپەکانیشی بەسەر شانی خەڵکی کوردستانا شکاوەتەوە.
ئەوەی کە نارەزایەتی مامۆستایان سەلماندی و ئەبێ هەم مامۆستایان و هەم خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و بەتایبەت جەماوەری نارازی بیزانن، ئەوەیە کە یەکەم نە حوکمەتی عیراق و نە حوکمەتی هەرێم چارەسەری کێشەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناکەن. هەرئەوەی کە ماوەی ٧٥رۆژە دەرگای هیچ خوێندنگایەک لە بەشێک لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی هەرێم نەکراونەتەوە و هەزارەها خوێنکار بێبەشن لە خوێندن، لەبەرئەوەی کە موچە بە مامۆستایان نادری و پلە بەرزکردنەوەیان راگرتووەو وانە پێژەکانیش دانامەزرێنن، بەڵام لە بەغداش مانگانە موچە ئەدەن، ئیتر خەڵک پێیوایە حوکمەتی عێراقی باشترە لە حکومەتی هەرێم! بەڵام ئەوە بۆخۆی تێنەگەیشتنە لە ئەسڵی کێشەکان و چۆن و لە کوێوە سەر چاوەیان گرتووە ! بەڵگەش ڕێگریەکەی دەسەلاتدارانی کەرکوکە لە چوونی مامۆستایان بۆبەغدا. کەواتە ڕێگەچارە چییە؟
بە بڕوای من ریشەی هەموو کێشەکان سیاسین و تەنانەت بە بارمتەگرتنی قوتی خەڵک و زیادبونی ڕێژەی بێکاری و ئاوارەیی و شەرو ململانێی ئەحزاب و نائیستقراری سیاسی و ئابوری و خراپبونی ئەوزاعی کۆمەلاتی بەگشتی لەو سیستەمە سیاسیە دایە کە دوای کۆتاییهاتنی دەسەلاتی حزبی بەعس ، ئەمریکا نەخشەی بۆداناو لە ڕێگای ئەحزابی بۆرجوازی عیراقەوە جێبەجێکرا. سەرەتا دەستورێکی بۆ ئامادەکرا کە ئەمریکیەکان پێیان باش بوو. ئەو دەستورە کە پێکهاتەی عێراق پارچە پارچە دەکات و لەسەر بنەمای نەتەوەو و ئاین و مەزهەبەکان پێناسەی ئەکات! بەڵام ئەم سیستەمە ماوە ی ٣٠ساڵ لە کورستان وە ٢٠ساڵیش لە عێراق بەکردەوە نیشانی دا کە سەرکەوتو نەبووەو ڕۆژبەرۆژو ساڵ بەساڵ قەڵەشتی چینایەتی و ئابوری و سیاسی زیادیکردو تا ئیستاش بەرەو خراپتر دەچێت.
بۆیە یەک ڕێگە هەیە لەبەردەم جەماوەری نارازی لە هەرێمی کوردستان و لەعێراقیش، ئەویش گۆرینی ئەم سیستەمە فاشلیە. تەنها ئەمە رێگەچارەیە. نارەزایەتیەکان پێویستە لە ئاستیکی رێکخراوتردا و فراوانتردا درێژەی پێبدرێت و بەئاسۆو بە دیلی سیاسی و ستراتیجی رۆشنترەوە بێتەدەرەوە. بزوتنەوەی جەماوەری ڕێکخراوو سیاسی بۆ مامۆستایان و تەوای کرێکاران و خەڵکی نارازی تاکە مەرجە بۆ وەلامدانەوە بە تەوای کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاتیەکان هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە عێراق.

★

# حکومەت بەرپرسیارە لە مەرگی هاوڵاتیان!

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە قەزای سۆران

شەوی رابردووی ٨/٩ی مانگی ١٢، لە قەزای سۆران، ١٤ کەس لە خوێندنکاران و کەسوکاریان بەهۆی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەوە بەداخەوە گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکیشیان بریندداربوون.
ئەم هەواڵە کە دڵی ئێمە و خەڵکی کوردستانی هەژاند، لەریزی هەموو ئەو ڕووداوانەدان کە رۆژانە گیانی هاوڵاتیانی کوردستان دەکاتە قوربانی و ئەنجامی کەمتەرخەمی کاربەدەستانی حکومەت و نەبونی سیستەمی چاودێری و رەچاوکردنی مەرجەکانی سەلامەتی لە پرۆژەکانی بیناسازی و ڕێگاوبانەکاندان.
لەسایەی حکومەتی هەرێمدا خەڵکی کوردستان شاهیدی چەندین ڕووداوی تراژیدی هاوشێوەی ئاگرکەوتنەوەکەی قەزای سۆران، کە بە هۆیانەوە سەدان کەسی کردۆتە قوربانی. حکومەتێک کە نەک هەر خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لەئاست ژیان و گوزەران و سەلامەتی هاولاتیاندا، بەڵکو ژیان و مەرگی هاولاتیانی سپاردووە بە بازاڕی کۆمپانیاکان و تا ئەو رادەیە دەستی ئاوەلاکردوون کە لەپێناو کۆکردنەوەی قازانجدا، هیچ حسابێک بۆ سەلامەتی گیانی و مالی هاولاتیان نەکەن. ڕووداوەکانی تەقینەوەی غازی ماڵان و ئاگرکەوتنەوە لە بینا و چێشتخانەکان و ئوتێل و بەشە ناوخۆییەکان، تا ڕووداوەکانی هاتوچۆ و لافاو، شۆرتی کارەبا و بلاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپ بەکارهێنانی تورەکۆمەلایەتیەکان و هەموو ئەو تاوانانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە ئەم حکومەتە نە لە غەمی گیان و سەلامەتی هاولاتیاندایە و نە توانای بەرێوەبردنی کۆمەڵگەی بەو جۆرە هەیە کە لانی کەمی سەلامەتی ئینسانەکانی تیا پارێزراو بێت. حکومەتێک کە مووچەی فەرمانبەرانی خۆی نەدات و نەتوانی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزاری تەندروستی و.. دابین بکات، لەولاشەوە ڕۆژانە بەناوی "باج و کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ"وە دەستدرێژی بکاتە سەر سفرە و گیرفانی خاڵی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، بەدڵنیاییەوە خۆی لەئاست سەلامەتی گیانی و ژیان و بژێوی هاولاتیاندا بە

# تەواوی هاوپشتی و هاوکاریمان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی کوردستان

ئەگەر کوردستان بەشێکە لە عێراق، وەک حکومەتی بەغدا بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوا دەبێت لە سەرتاسەری عێراقدا بە شێوەیەکی تەواو یەکسان مامەڵە لەگەڵ کرێکاران و فەرمانبەراندا بکرێت.

خۆپیشاندانی هەزاران مامۆستا و فەرمانبەر بۆ خواستی بژێوی و گێرانەوەی مووچەکانیان کە ماوەی سێ مانگە وەریان نەگرتووەئەم ماوانە زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە بەتایبەتی شاری سلێمانی. ئەوان لەهەوڵدان تا لەرێگەی نارەزایەتیەکانیانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچاربکەن بەدانی موچە نەدراوەکانیان. ئەو پەلامارەی کەکرێکاران وکارمەندانی کوردستان رووبەروویان بۆتەوە بەهۆی ململانێی نێوان هەردو حکومەتی بەغداو هەرێمەوە، پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافەکانی ژیان وبژێوییانە کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بێ وێنەیە. ماوەی زیاتر لە دەیەیەکەزۆرینەی خەڵکی کوردستان زیاد لە موچەی ٦٠ مانگیان وەرنەگرتووە کە یەکسانە بە هی پێنج ساڵ،لەکاتیکدا موچە تاکە سەرچاوەی بژێوی ژیان و بە زیندوویی مانەوەیانە. سەرەرای بانگەشەی هەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێم کە گوایە گەیشتوونەتە رێککەوتن و کێشەکانی نێوانیان چارەسەرکردووە، بەڵام هێشتا پرسی راگرتنی مووچەی فەرمانبەران و کرێکاران و خانەنشینانی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە وەک کارتی فشاری سیاسی بەکاردەهێنن بۆ لێسەندنەوەی ئیمتیازات و تەنازولپێکردنی حزبە ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم.

مامەڵەی بەغدا لەگەڵ بەشی هەرە زۆری جەماوەری کوردستان، بەشێکە لەسیاسەتی نایەکسانی و پێشێلکردنی مافی هاوولاتیبوونی ئەوانەی کە لە جوگرافیای عێراقدا دەژین. ئەم سیاسەتە تەنها دەتوانرێت بەسیاسەتێکی رەگەزپەرستی وەسف بکرێ کە هەوڵ دەدات قڵشتێک لە نێوان کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق لەلایەک ولەلایەکیتریشەوە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستاندا دروستبکات. ئەم سیاسەتە دەمانگەرێنێتەوە بۆ یادەوەری کردەوەکانی رژێمی فاشیستی بەعسی بەرامبەر بە جەماوەری کوردستان لە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی سێهەمدا.

کرێکاران و جەماوەری ئازادیخوازی عێراق حکومەتی بەغدا لەرێگای سزادانی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان و برینی مووچەی خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەرانەوە، هەوڵی سەپاندنی سیاسەت و هەژموونی خۆی بەسەر لایەنە ناسیۆنالیستەکانی کوردستاندا دەدات، بەمەش رادەی هەژاری و بێبەشی ونەبوونییرۆژانە لەناو خەڵکی کوردستاندا فراوانتر دەبێت و ئازار وموعاناتە ئابووریی وبژێویەکانیان بەشێکە لە ئازار وموعاناتەکانی ئێمەی کرێکارانی عێراق.

کەواتە پێویستە ئێمەی کرێکاران و هەموو ئازادیخوازان پشتیوانی خۆمان بۆ جەماوەری کوردستان رابگەیەنین و کاربکەین بۆ ئەوەی هەموو جۆرە فشارێک بخەینە سەر حکومەتی بەغدا بۆ راگرتنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەیەکەبرینی مووچە وقوتی خەڵکە تا بە ئامانجە سیاسییەکانی بگات. دواکەوتنی دانی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان هیچ پاساوێک لەحکومەتەکەی سودانی قبوڵ ناکات و بەرپرسیارە لە دەستەبەرکردن و هاوتاکردنی مووچەکانیان، هاوشێوەی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەرانی عێراق.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە سەنگەری پێشەوە وەستاوین بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان، هەروەها حزبمان لە پێشەنگی خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی یەکسان لەنێوان خەڵکی عێراق و کوردستانداراوەستاوە، تائەوکاتەی ئەوان بەشێک بن لە عێراق، حکومەتی بەغدا لەسەریەتی مامەڵەی مافی یەکسان بەرامبەر هەموو خەڵکی عێراق ودانیشتوانەکەی بکات.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣**

---

بەرپرسیار نازانی.

رووداوی سوتانی باڵەخانەی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران، کە ١٤ ئینسانی دڵ پڕ لەهیوای کردە قوربانی، نابێ بە خامۆشی تێپەرێت و بە شانۆگەری "پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە" لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بە فەرامۆشی بسپێردرێت، بەڵکو دەبێ لەلایەن خەڵکی نارازی کوردستانەوە ببێتە بابەتێک بۆ دەربرینی نارەزایەتی و گرتنی یەخەی دەسەڵاتداران و بەرزکردنەوەی پەنجەی بەرپرسیارێتی بە رووياندا و حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا و دامودەزگاکانی راستەوخۆ بەرپرسیار بکرێن بەرامبەر بەم رووداوانە کە رۆژانە رووبەرووی خەڵک دەبێتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی بە هاوبەش لە غەم و پەژارەی کەسوکاری قوربانیان دەزانێ و لە کەناریاندا رادەوەستێ و ئومێدی باشبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێ، هاوکات داوا لەخەڵکی ناوچەی سۆران و سەرجەم کوردستان دەکات کە بە خەباتی یەکگرتوانەیان و گرتنی یەخەی دەسەڵاتداران سنورێک بۆ ئەم رووداوانە دابنێن و قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی ئەم رووداوە بخەنە ئەستۆی دەسەڵاتداران و حکومەتەکەیانەوە.

٩/١٢/٢٠٢٣

# چەند هەنگاوێک لە ڕاستای ململانێی جەمسەرەکاندا، بە قازانجی چین و ڕووسیا

عوسمانی حاجی مارف

ئەوەی لەشەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا دەگوزەرێ، واشنتۆنی خستۆتەبەردەم ستراتیژێکی نارۆشن بەرامبەر بە ئۆکرانیادا. هەموو پێوەرەکانیش ئەوە دەردەخەن کە ئۆکرانیا توانای پێشکەوتنی لە شەڕەکەدا لەدەستداوە، بەو پێیەی تواناکانی نزیکە لە نەبوون، ئومێدی سەرکەوتن تەواو لە تاریکیدایە بۆ ئۆکرانیا. هەربۆیە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوا، ئیتر ئەو جۆش و خرۆشەیان بۆ سەرکەوتنی ئۆکرانیا شەڕەکە نەماوە. واشنتۆنیش تا ئەو رادەیەی کە قەناعەتی بەوەیە ڕووسیا لەم شەڕەدا سەرکەوتووە، پێیانوایە دەبێت سەرۆکی ئۆکرانیا ئەو ڕاستیە قەبوڵ بکات.

گەر پێمانوابێت ئێستا جیهان بەجۆرێک لە شەڕدایە، بەتایبەتی سیناریۆی ئەو شەڕەی ئیسرائیل دژ بە خەلکی غەززە پیادەی دەکات، ئەوا تایبەتمەندی سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان لە ئێستادا دیاری دەکات. ئەمریکا بەهۆی بێتوانایی و پاشەکشەی ئۆکرانیا لە ڕووبەڕووبونەوەی لەشکرکێشی ڕووسیادا، زیاتر جەخت لەسەر پشتیوانی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەکات ، چونکە چاوەڕوان دەکرێت ئەو شەڕەی ئیسرائیل درێژخایان بێت. گەر ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەخالەت نەکات، ئەوە ئاشکرایە کە پێگەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەکەوێتە بەر پاشەکشەو شکستی زیاترەوە.

شەڕەکەی ئۆکرانیا لە ئەیلولی ٢٠٢٢ەوە بە هەموو پێوەرە پەسەندکراوەکانەوە لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە بە قازانجی ڕووسیا ڕۆیشتووە. ئێستا ڤلادیمێر پوتین کۆنترۆڵی خێرایی یاریەکەی کردووە. واشنتۆن لە شەڕی ئێستایدا زیاتر پێداویستی بەوەیە تەقەمەنی و خەرجی شەڕی ئیسرائیل دابین بکات. ناچار بوو ئۆکرانیا لەو پێداویستیانە بێبەش بکات کە پێش دەستپێکردنی شەڕی غەززە بۆی دانرابوو. ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی بەرچاوی پێگەی سەربازی ئۆکرانیا لە بەرامبەر ڕووسیادا.

لەهەمانکاتدا چین توانای ڕووسیا بۆ بەردەوامبوونی شەڕ دەباتە سەر. شی جین پینگ سەرۆکی چین، جەختی لەسەر هاوبەشیەکی بێسنور لەگەڵ ڕووسیادا ڕاگەیاندو دانی بەوەدانا کە هەردوو وڵات بەردەوام دەبن لە کارکردنی پێکەوەیی دژی ئەو بلۆکە سیاسیانەی کە ئەمریکا پشڕەویان دەکات. لەلایەکی ترەوە چین لە چەند ڕوویەکەوە سوود لە ململانێی جیهانی وەردەگرێت و لەهەمانکاتدا پاڵپشتی ڕووسیاو ئێران دەکات. هەروەها سەرکەوتنی پرۆپاگەندەی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت لەو ناوچانەی جیهان کە لایەنگری دەخالەت و سیاسەتی دەرەوەی بلۆکی ڕۆژئاوا نین. لەلایەکی تریشەوە فشارەکانی بۆ سەر تایوان و ژاپۆن و فلیپین چڕتر کردۆتەوە.

گەر کەمێک لەسەر پەیوەندی ئابوری نێوان چین و ڕووسیا وردبینەوە، دەبینین قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان پەکین و مۆسکۆ لەماوەی ئەمساڵدا بەرێژەی لەسەدا ٣٠ زیادیکردووە. پێشبینیش دەکرێت قەبارەی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان هەردوو وڵات لەماوەی هەمان ساڵدا لەو ژمارەیە پێوانەیی زۆر زیاتر بێت لەوەی ساڵی ڕابردوو کەبە ١٩٠ ملیار دۆلار تۆمارکرابوو.

ئێستا زیاتر لە یەک لەسەر سێی کۆی هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیا بۆ چین دەڕوات. ئەمەش دڵنیایی دەدات لە بەردەوامی ڕۆیشتنی پارە بۆ حکومەتی ڕووسیا بۆ دابینکردنی دارایی شەڕەکەی لە ئۆکرانیا. چین بووەتە یاریزانێکی سەرەکی لە بازاڕی بەکاربەرانی ڕووسیادا. لە سەدا پەنجای فرۆشی ئۆتۆمبیل لە بازاری ڕووسیا ئۆتۆمبێلی دروستکراوی چینییە. ئەم جۆرە لە ئاستی پەیوەندی ئابوری، ئەو سزا ئابوریانەی ئەمریکا دەیەوێت بیسەپێنێت، پوچەڵ و بێمانا و بێکاریگەر دەهێڵێتەوە.

سەرقاڵبوونی ئەمەریکا بە پشتیوانیکردنی شەڕەکانی هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا، دەرگایەکی ئاوالای بۆ چین دابین کردوە کە جموجۆڵە سەربازیەکانی لە هەردوو دیوی زەریای هێمن چڕتر بکاتەوە. لە ڕووی سیاسیەوە کاتێ چین پاڵپشتی هاوپەیمانەکانی بکات لە ئەوروپا و ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتدا، ئەمەش پێگەی واشنتۆن لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا وەک جەمسەرێک لاوازتر کردوە. ئەو هێرشانەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە پاشکۆکانی ئێرانەوە لە ناوچەکەدا لە دژی ئامانجە ئەمریکی و ئیسرائیلیەکان دەستی پێکردووە، ئەگەری زۆرە مەودای ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فراوانتر بکات و سەرگێژەی زیاتر بۆ ئەمریکا دروست بکات. لەلایەکی ترەوە چین خۆی وەک ناوبژیوانێکی دادپەروەرانە بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا پیشان ئەدات، بە پێچەوانەی ئەمریکا کە بە ئاگری بنکای ئەم شەڕانە دادەنرێت.

جگە لەوەش باس لەوە دەکرێت کە چین یارمەتی ئێران دەدات بۆ پەرەپێدانی فرۆکە بێفڕۆکەوانەکانی و هەناردەکردنی بۆ ڕووسیا، جەختی لەوەش کردوەوە کە ڕووسیا بەشێکی سەرەکیە لە ستراتیژی درێژخایەنەکەی بۆ پەرەپێدانی هاوبەشیەکی ستراتیژی هەمەلایەنە لە نێوان چین و ڕووسیا.

چین و ڕوسیا وەک هاوبەشێکی پتەو لە پرۆژەی خۆیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانی ئەمریکی و دامەزراندنی نەزمێکی جیهانی خۆیان وەک جەمسەرێک بە بەدیل دەبینن. بۆیە سەرکەوتنی ڕووسیا لە شەڕی دژی ئۆکرانیا

بۆتە ئەولەویەتی سەرەکی بۆ چین.

لەهەمانکاتدا ئێران بەرەو ستراتیژێکی هێرشبەرانە و بەهێزکردنی "میحوەری خۆڕاگری" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو دەنێت. لەکاتێکدا ڕێکخراوەکانی هاوپەیمانی تاران هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیسرائیلیەکەیان لە ناوچەکەدا. لە سایەی هاوکاریەکانی چین، ئێران دەتوانێت بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت لە دابینکردنی دارایی ستراتیژی خۆی. لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەناردەی نەوتی ئێران بۆ چین گەڕاوەتەوە بۆ ئاستەکانی پێش سەپاندنی سزا نێودەوڵەتیەکان بەسەر تاراندا.

هاوردەکردنی نەوتی ئێرانی، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا بۆ چین گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی نوێ. بووەتە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ئێران. لەهەمانکاتدا پەکین پاڵپشتی سەربازی و دیپلۆماسی تاران دەکات. ئێران بە هاوکاری چین بە فەرمی پەیوەندی بە ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای کرد کە بلۆکی ئەمنیە بە سەرۆکایەتی چین و ڕووسیا. هەروەها پەیوەندیە سەربازیەکانی نێوان پەکین و تاران لە گەشەکردندایە. ئێران لەم دۆخەدا ئێستا پشت بە چین دەبەستێت وەک دەمەوانە(صمام)ی سەلامەتی ئابووری.

ئیدارەی بایدن هیچ ئاماژەیەک نابینێت کە سەرۆکی ڕووسیا ئامادەیە بۆ دانوستان لەگەڵ ئۆکرانیا. بەرپرسانی ڕۆژئاوا پێیانوایە کە پوتین هێشتا پێیوایە دەتوانێت "چاوەڕوانی ڕۆژئاوا" بکات، یان بەردەوام بێت لە شەڕکردن تا ئەو کاتەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پشتیوانی ناوخۆیی بۆ دابینکردنی بودجەی ئۆکرانیا لەدەست دەدەن. ئۆکرانیا لە شەڕێکی درێژخایەندا گیری خواردووە. زیلێنسکی دان بەوەدا دەنێت کە ڕووسیا باڵادەستی لەوەدا هەیە. لەهەمانکاتدا تەواو نیگەران و بێئومێدە لەو دۆخەی کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا پاشەکشەو بنبەستی ئۆکرانیا قەبوڵ دەکەن. بەڵام زیلێنسکی زارەکیش بێت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئۆکرانیا هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە جگە لە پاراستنی پێشڕەوی خۆی بە مانەوە لە هێرشبردندا، تەنانەت ئەگەر ڕۆژانە تەنها چەند مەترێک بجوڵێت.

بەجیا لە نیگەرانیەکانی نێوان بەرپرسانی ئەمریکی و ئەورووپی کە شەڕەکە گەیشتۆتە بنبەست، هەروەها ئۆکرانیا لەگەڵ فراوانکردنەوەی هێزی سەربازیدا کێشەی هەیە، لەم دواییانەدا ناڕەزایەتی گشتی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر هەندێک لە مەرجە ئاشکراکانی بۆ فراوانکردنەوەی هێزی سەربازی کە لەلایەن زیلێنسکیەوە سەپێنرا. لەهەمان کاتدا ئەوەش ئاشکرایە کە ڕووسیا لەڕووی توانایی سەربازی و کەرەستەو کۆکردنەوەی چەکەوە باڵادەستی سەربازی بەسەر کییڤدا هەیە، بۆیە فراوانکردنی شەڕەکە و بەردەوامیدانی چیتر بژاردەیەک نییە بۆ ناتۆ.

پێموایە لەم نێوەدا ئەوەی هۆکاری سەرەکیە کە پوتین چاوەڕوان دەکات، ئۆکرانیا و ئەمریکا و ڕۆژئاوا شکستی خۆیان لەم شەڕەدا ڕابگەیەنن، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو ناسەقامگیریە مەترسیدارەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە تووشی بووەو لەبەردەم دۆخێکی دژواردایە. هەروەها واپێدەچێت پوتین بیەوێت لەم فەزایەدا فرسەت بە بایدن و ڕاوێژکارەکانی بدات بۆئەوەی لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بنیامین نەتانیا بن، ئەو قەیرانە مرۆییە دڵتەزێنەی ئێستا لە غەززەدایە بەجۆرێک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکاوە.

دۆخی ئێستای جیهان لە چری ئەم ململانێیەدا، بلۆکە ئیمپریالیەکان ئەو ئاقارە نیشان ئەدەن کە کۆتایی باڵا دەستی ئەمریکای تیا بەرجەستە بۆتەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان کە پێشبینیەکان سەبارەت بە دابەزینی ئەمریکا گەیشتونەتە لوتکەو پێدەچێت هەژموونی ئەمریکا لە ڕاستیدا گەیشتبێتە کۆتایی. لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لەئەفغانستان و ڕادەستکردنەوەی بە تاڵیبان، دوای ٢٠ ساڵ لە شەڕو خەرجکردنی ٢ تریلیۆن دۆلار لە گەنجینەی ئەمریکا، ئێستا خۆری دەسەڵاتی ئەمریکا ئاوا بووە. ئەوەش کە دەیانوت؛ بە "هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا دوا زلهێزی جیهان دەبێت"، بەڵام دوای ٣٠ ساڵ و سەرهەڵدانەوەی بلۆکی تر، گەرمبونی ململانێکان لەبەرامبەر ئەمریکادا، بەتایبەتی لە لایەن ڕووسیاو چینەوە، ئەو پێشبینیەی کە ئەمریکا دوا زلهێزی جیهان دەبێت، پێشبینیەکی نادروست و پێچەوانە بوو، چونکە لە کۆتایدا لەگەڵ شکستەکانی ئەمریکا لە شەڕە بێکۆتاکانیدا، ئەمریکا گازێکی گەورەتری لە دەمی خۆی دەرهێناوەو کەوتۆتە ژێر فشارێکی توندەوە، لەلایەکی تریشەوە تەواوی زلهێزەکانی لە ململانێ و ڕکابەریدا پێش بە یەکتر دەگرن، لە کۆتایدا دەیانەوێت تۆپەکە لە دەسەتی ئەمریکا بهێننە دەرەوە، لە ڕستیدا دەبینین خەریکە هاوسەنگی هێزی جیۆپۆلەتیکی لە واشنتۆنەوە بەرەو میحوەرێکی تر دەگۆڕێت، بۆ مۆسکۆ، پەکین، تاران، ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی سەرنجڕاکێشە، بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین جیهان، بە "ئەمریکی-سەنتەری" دەوری نەماوەو زیاتر لە فرە جەمسەریدایە، کە ململانێ جەمسەرەکان نیشانی ئەدەن کە دنیا ئێستا لە دوبارەبونەوەی پەرەسەندنی ململانێی بلۆکەکاندا دەردەکەوێتەوەو لە چوارچێوە نەزمێکی سەرمایەداریدایە، کە فۆرمۆڵەکەی ڕۆشن نیە. ئاخۆ هەر بلۆکی یا جەمسەرێک نوێنەرایەتی کام مۆدێل لە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەکات.

**هیوادارم ئەم وتارە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە وەک سەرەتایەک بێت بۆ قسەوباس لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتنەی دنیای سەرمایەداری کە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە دەورانێکی جیاوازی لەخۆ گرتووە.**

★